# ئەگەر سەگە فێرکراوەکەتت بەرەڵا کرد وناوی خودات هێنا، ئەوا هەرشتێکی گرت بۆت؛ بیخۆ

لە عەدی کوڕی حاتەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، من سەگە فێرکراوەکان دەنێرم، وڕاوم بۆ دەگرن، وناوی خودا دەهێنم (دەڵێم: بسم الله)؟ فەرمووی: «ئەگەر سەگە فێرکراوەکەتت بەرەڵا کرد وناوی خودات هێنا، ئەوا هەرشتێکی گرت بۆت؛ بیخۆ»، ووتم: ئەگەرچیش (سەگەکان ڕاوەکە) بکوژن؟ فەرمووی: «ئەگەرچیش بیانکوژن، هەتا ئەو کاتەی سەگێکیان لەگەڵدا نەبێت کە لەو کۆمەڵە (فێرکراوەدا) نەبن»، پێیم ووت: من ڕمێکی تیژ دەگرمە ڕاو دەیپێکێت؟ فەرمووی: «ئەگەر ڕمە تیژەکەت تێی گرت وڕاوەکەی پێکا؛ بیخۆ، وئەگەر بە شوێنێکی تری لێیدا ئەوا مەیخۆ*». وفەرموودەکەی شەعبی لە عەدیەوە هەمان گێڕانەوەیە بەڵام ئەمەی تێدا هاتووە: «مەگەر سەگەکە (لە ڕاوەکە) بخوات، ئەگەر خواردی ئەوا مەیخۆ، چونکە دەترسم سەگەکە بۆ خۆی ڕاوی کردبێت، وئەگەر سەگی تر هەبوو (لە ڕاوکردندا) لەگەڵ سەگە (فێرکراوەکەی) تۆدا ئەوا مەیخۆ، چونکە تۆ ناوی خودات هێناوە لەسەر سەگەکەی خۆت وناوی خودات نەهێناوە لەسەر سەگی تر». وتێیدا هاتووە: «ئەگەر سەگە فێرکراوەکەتت بەرەڵا کرد وناوی خودا بهێنە، ئەگەر هەرشتێکی بۆت گرت وبە زیندوویی پێی گەیشتی؛ سەری ببڕە، وئەگەر (بە ڕاوەکە) گەیشتی وکوژرا بوو وسەگەکە لێی نەخواردبوو؛ ئەوا بیخۆ، چونکە کاتێک سەگەکە دەیگرێت وەکو سەربڕینی وایە». وهەروەها تێیدا هاتووە: «ئەگەر ڕمەکەت گرت ناوی الله بهێنە». وتێیدا هاتووە: «ئەگەر ڕاوەکە دیار نەبوو ڕۆژێک یان دووان - لە گێڕانەوەیەکدا دوو یان سێ ڕۆژ- (ودۆزیتەوە) وتەنها شوێنەواری تیرەکەت لەسەری دۆزییەوە، بیخۆ؛ ئەگەر ویستت، ئەگەر دۆزیتەوە لە ئاودا خنکا بوو؛ ئەوا مەیخۆ چونکە نازانیت ئاوەکە کوشتوویەتی یان تیرەکەت؟». *(پێکای: مەبەست ئەوەیە ئەگەر لاشەی ئاژەڵەکەی کون کرد وەکو سەربڕاو دەمرێت وگۆشتەکەی حەڵاڵ دەبێت، بەڵام ئەگەر بە شوێنێکی تری ڕمەکە لێیدا ئەوە وەکو ئەو وایە بە دار یان بەرد لێی درابێت وئاژەڵەکە (کوژرا بێت ولێرەدا وەکو سەربڕاو نییە بۆیە گۆشتەکەی حەڵاڵ نییە

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عەدی کوڕی حاتم -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ڕاوکردنی سەگە فێرکراوەکان، کە خاوەنەکەیان فێری ڕاوکردنی کردوون، پێی فەرموو: ئەوەی گرتیان بیخۆ ئەگەر لە کاتی ناردنی سەگەکەدا ناوی خودات هێنا ئەگەر سەگی تر جگە لە سەگەکانی خۆت بەشدارنەبوو لەگەڵیان لە ڕاوەکەدا، ئەگەر سەگێکی تری لەگەڵدا بوو ئەوا ڕاوەکە مەخۆ چونکە تۆ ناوی خودا هێنا لەسەر سەگەکەی خۆت وناوی خودات نەهێنا لەسەر سەگەکەی تر، وبە هەمان شێوە ئەگەر ڕمت وەشاند وبەر لاشەی ئاژەڵەکە کەوت وکونی کرد وخوێنی لێوە دەرچوو بیخۆ بەمەرجێک ناوی خودات هێنا بێت، بەڵام ئەگەر بە شوێنێکی تری ڕمەکە لێیدا ئەوە وەکو ئەو وایە بە دار یان بەرد لێی درابێت وئاژەڵەکە کوژرا بێت ولێرەدا وەکو سەربڕاو نییە بۆیە گۆشتەکەی حەڵاڵ نییە ومەیخۆ چونکە لێرەدا بە لێدان مردووە وەکو ئەوەیە کەوتبێتە خوارەوە لە شوێنێک یان بە لێدان یان بە قۆچلێدان مردبێت، وئەگەر سەگەکەی نارد وبینی ڕاوەکە زیندووە سەگەکان نەیان کوشتبوو ئەوا پێویستە سەری ببڕێـت لەو کاتەدا وحەڵاڵ دەبێت ئەگەرچیش سەگێکی تر بەشداری کردبێت لە دۆزینەوەی، وپرسیاری لێیکرد سەبارەت بە ڕاوکردن بە وەشاندنی تیر ئەگەر ناوی خودای هێنا؛ فەرمانی پێیکرد ئەوەی پێکای با بیخوات ئەگەر ڕۆژێک یان دووان نێچیرەکەی دۆزیەوە وتەنها شوێنەواری تیرەکەی بەسەرەوە بوو ئەوا دروستە بیخوات بەڵام ئەگەر خنکا بوو لە ئاودا ئەوا نابێت بیخوات چونکە نازانێت ئایا بەهۆی ئاوەکەوە مردووە یان بەهۆی تیرەکەوە.